

## عەدنان و ئاکۆ

# هەولێر جوانی باران دەکەن

**رۆژی ٢٠١٦/١٢/٨ بە هاوکاریی سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان و ماڵی وەفایی، لە هۆڵی میدیا لە شاری هەولێر پیشانگای هاوبەشی ئاکۆ غەریب و عەدنان کەریم، بە ئامادە بوونی جەماوەرێکی زۆری هونەردۆست کرایەوە. پێشتر هەمان پیشانگا لە ٢٠١٦/١١/٢٤دا، لە مۆزەخانەی نیشتمانیی ئەمنە سوورەکە لە شاری سلێمانی کرا بووەوە.**

**ئا/ تاریق کارێزی**

ئەم پیشانگایە لە چەند روویەکەوە تایبەتمەند بوو. هەردوو هونەرمەند لەوە دەچێ وەك پرۆژەیەکی هاوبەشی هونەری کاری هەماهەنگییان کردبێت. هەردووکیان ژمارەیەکی زۆر لە تابلۆی ئاورەنگیان کێشابوو، بابەتی تابلۆکانیش بە گشتی سروشتی کوردستان بوو. سەرباری ئەوە، عەدنان کەریم وەك گۆرانیبێژێکی خاوەن هەواداری زۆر، جۆرێك لە ئامادەبوونی سیمبولیانەی بە پیشانگاکە بەخشیبوو. ئەم هونەرمەندە ئەگەرچی لە رووی ئەکادیمییەوە دەرچووی شێوەکارییەو لەکۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی سلێمانیدا مامۆستای شێوەکارییە، بەڵام پتر وەك سترانبێژێك ناسراوە. واتە بەشی هەرە زۆری جەماوەری هونەر دۆستی پیشانگاکەی هەولێر، بە خەیاڵی دەنگ و سەدای عەدنان کەریمەوە بۆ پیشانگاکە هاتن.

کارەکە سەبارەت بە ئاکۆ غەریب بە جۆرێکی دیکەیە. ئەو زۆر دەمێکە وەك نیگارکێشێکی ریالیست ناسراوە، کە بە مۆرکێکی کوردانە کاردەکات، تا ئێستاش پێنج پیشانگای تایبەتی کردووەتەوە، تابلۆکانی ئەو لەو زۆر شوێندا هەن، بە شێوەیەکی بەربڵاو لە لایەن هەوادارانی هونەری شێوەکارییەوە بیندراون. پێکەوە ئامادە بوونی ئەم دوو بەهرەیە، سەنگێکی زۆری بەو نمایشە هاوبەشە دا.

پەیوەست بە ناوەڕۆکی پیشانگاکە، ئێمە دەبینین هەردوو هونەرمەند لەچێوەی رەهەندەکانی جوانیی نێو چیا و سروشتی کوردستاندا کاریان کردووە. کەرەستەی کارکردنەکەشیان لەیەکەوە نزیکە، جۆرە کاغەزێکی تایبەتی نیگارو ئاوڕەنگ. هەردوو هونەرمەند لە رووی بابەت و ناوەڕۆکەوە، ویستوویانە هەستی خۆشەویستی و جوانبینانەی خۆیان بۆ سروشتی کوردستان دەرببڕن. ئەوان لە سۆنگەی عەشقێکی قووڵەوە بۆ نیشتیمان کاریان کردووە، بۆیە سەلیقەی کار کردنیان بە ئاوڕەنگ و لە تابلۆی قەبارە جیاجیادا پیشان داوە، لە هەمان کاتدا هەردوو هونەرمەند کارامەییەکی زۆریان لە رووی بەکار هێنانی ئەم تەرحە رەنگە و دەرخستنی توانا و







برستی جوانییەکانی نواندووە، کە لە هەر رووبەرێکی تابلۆدا، ئەم رەنگە لە یەك جار زیاتر دەمی فڵچە قبووڵ ناکات. واتە دەبێئەندازەی پێکهاتەی تابلۆ بە تەواوی لە زەینی هونەرمەندا چەسپی بێت، جا چ سکێچی بۆ بکێشێت یان نا، ئەوا بە دەست و پەنجەیەکی گەرم و چالاکانەوە، دەکەوێتە کار کردن بۆ تەواو کردنی ئەو دیمەنەی زەین لە سروشتەوە وەریگرتووە، پاشان تێکەڵ بە هەست و نەستی ستاتیکاییانەی هونەرمەند بووە، دواتر سەرەنجامی تێکەڵەیەکی واقیع و خەیاڵ، چ لە رووی فۆرمەوە، یان لە رووی رەنگەوە، لە تابلۆیەکی جوان و سەرنجڕاکێشدا خۆی دەنوێنێ.

دەبێ ئەوەش بڵێین، کە کارێکی چاوەڕوانکراوە بەرهەمی هەردوو هونەرمەند، وێڕای هەموو وێکچوونەکان لە رووی بابەت و کەرەستەی کارکردنەوە، بە دوو ستایل و تەرحی جیاوە تابلۆیان نەخشاندووە، ئەمەش زادەی ئەو راستییەیە کە دەڵێ: هونەر بەرهەمی ئاوێتەیەکی هەست و نەستی هونەرمەندە، لەم گۆشەیەوە هەر زاتە چاوگی ئاوێتەیەکی تایبەتمەندی هەست و نەستی مرۆییە، تابلۆ و بەرهەمی هونەری رەنگدانەوەی کەسایەتیی هونەرمەندەکەیە. لەم گۆشەنیگایەوە دەکرێ بە کورتی لە بارەی بەرهەمەکانی هەردوو هونەرمەند، وردە هەڵسەنگاندنێك بخەینە روو.

ئەگەرچی سروشتی کوردستان بابەتی سەرەکیی پیشانگاکە بوو بە گشتی، بەڵام عەدنان کەریم کۆمەڵێك تابلۆی هەردوو ژینگەی کوردستان و ژینگەی تاراوگە (سوید)ی پیشان دا، کە جیاوازیی ژینگەی هەردوولا لە رێی تابلۆکانی عەدنانەوە، دەخوێندرێتەوە. لە ژینگەی تاراوگەدا روانگە و تێکڕای دیمەنی تابلۆ لە رووبەر و مەودایەکی کەمی جوگرافیدا خۆی دەنوێنێ، بۆ نموونە تەنیا قەدی چەند دارێك لەگەڵ بەشێکی کەم لە لق و گەڵاکانیان لە تابلۆیەکدا دەبینی، چونکە سروشتی سوید دارستانی چڕ دایپۆشیوە، لە کەشێکی تەماویدا کەمتر بوار بە وردەکاریی ستاتیکی لە دیمەنی دوور و رەهەندی داکشاو بەرەو دوورایی قووڵ دەڕەخسێنێ. لە هەمان کاتدا کوردستان وەك وڵاتێکی گەرم و چیایی، لە رووی تۆپۆگرافیاشەوە تێکەڵەیەك لە خاك و سەوزایی خۆی دەنوێنێ، وەرزی بەهاری لێ دەربچێت، خاکی رووتەن لە دیمەنەکانی سروشتدا زیاتر خۆی دەنوێنێ، هەڵبەت لە زستاندا بەفر و رەنگی سپیی تێکەڵ بە رەنگی هەمەچەشنی بەردینی شاخ، زاڵ دەبێت. لەم نێوەندەدا تابلۆکانی عەدنان بە گشتی چەشنێك لە تام و بۆ، مۆرکی هونەری ئەوروپا و کەشی ساردو هێمنیان پێوە دیارە. ئەو سروشتی کوردستانی لەبەر رۆشنایی کەشی ستاتیکاییانەی ئەوروپا کێشاوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ساڵانێکی زۆر چاوی بە بەرهەم و تابلۆی نێو گەلەری و مۆزەخانەکانی هونەر لە ئەوروپا زاخاو داوە، هەروەها ژینگەی ئەوێش لە زەینی ئەودا تا ئەندازەیەك نەخشی کێشاوە و چەسپیوە.



ئاکۆ غەریب وردتر لە پێکهاتەی سروشتی کوردستان و جوانییەکەی روانیوە، بە ستایلێکی پتر خۆماڵییانە و نزیك لە ئەزموونی هونەرمەندانی دیکەی سروشتخوازی کوردستانەوە کاری کردووە. ئەو دەرفەتی زیاتری هەبووە، کە بەرانبەر بە جوانیی چیا و وردەکاریی رەنگ و پێکهاتەی خاك و تۆپۆگرافیای سروشت ورد بێتەوە. دەست کراوەتر کاری کردووە. تابلۆکانی ئەو دیمەنی جیاجیای سروشت لە وەرزی جیاجیا دەخەنەڕوو، هەندێ جار بواری بە روانگە داوە قووڵ بچێتە نێو دیمەنێکی دەیان کیلۆمەتر درێژەوە، هەندێ جاریش دیمەنی شکۆداری لووتکە یان لاپاڵی بەردین و شاخی بە زمانی دیدەیی گواستووەتەوە. بێ سڵەمینەوە و بە ئەزموونێکی باشەوە، ئاوڕەنگی خستووەتە خزمەت گەڵاڵەکردنی گوتارێکی ستاتیکی، ئەو گوتارەی زادەی بەشێك لەجوانی و بەخشندەیی خاکی نیشتمانێکن کە ناوی کوردستانە.



ئەم پیشانگایە وەك گەواڵە هەورێکی پڕ لەجوانیی بەهار بوو، لەهۆڵی میدیاوە هەولێری جوانی باران کرد.



# هازال بۆکسێن و چێشتلێنان تێکەڵ دەکات



هەوادارنی خانمە ئەکتەری ناسراوی تورکی هازال کایا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەند وێنەیەکیان بڵاوکردەوە کە تێیدا هەزال سەرقاڵی مەشقی یاریی بۆکسێنە لەگەڵ ڕاهێنەرێکی ئەم یارییە، بەڵام هۆکاری ئەوەیان روون نەکردەوە کە ئایا ئەم مەشقانە وەك حەزو ئارەزووی خۆیەتی بۆ ئەم یارییە، یاخود پێوەندی بە نواندنەوە هەیە.

هەرچۆنێك بێت بۆچوونی جیاواز دەربارەی ئەم وێنانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وتراوە. هەندێك لەهەوادارانی رایانگەیاند کە ئەمە پێوەندیی بە خۆ ئامادەکردنی ئەم ئەستێرە تورکییەیە بۆ رۆڵێکی نوێ، بەڵام هەندێك لە هەوادارانی کە لێییەوە نزیکن بڵاویان کردەوە کە ئەم وێنانە بەشێکن لە مەشقێکی ئاسایی ئەم ئەستێرەیە، چونکە خۆی یەکێکە لە هەوادارانی وەرزش بەشێوەیەکی گشتی و بەردەوام مەشقی وەرزشی ئەنجام دەدات و رەنگە ئەم جارە بەشێك لەمەشقەکانی لە بواری یاری بۆکسێن بووبن.

زنجیرە درامای (میرال) دوایین کاری هازالە کە بەم دواییە کۆتایی هاتووەو دواتر یەکسەر هازال بەشداری لەخولێکی فێربوونی چێشتلێنان کرد لە ئەکادیمیایەکی تایبەت بەم بوارە بۆ ئەوەی لەدوارۆژدا پشت بە خۆی ببەستێت لە بواری خواردندا، شایەنی باسە پێشتر چەندین جار هازال رایگەیاندووە کە خەون بەوەوە دەبینێت لە دوارۆژدا چێشتخانەیەك بکاتەوە، بەڵام دواتر رایگەیاند کە بەو پارەیەی ئێستا لە بەردەستیدایە ناتوانێت ئەو چێشتخانەیە بکاتەوە کە خەونی پێوە دەبینێت.

# سیلینا یەکەمە

جاران تەنیا لەفرۆشتنی بلیت و ژمارەی ئامادەبوونی ئاهەنگ و کۆنسێرتەکان ئاستی گۆرانیبێژان و ئەکتەران و خۆشەویستیی جەماوەر بۆیان دیاری دەکرا، بەڵام لەئێستا خەریکە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش دەبنە سەنگی مەحەك بۆ ئاستی هونەرمەندان بەتایبەتی فەیسبوك وئەنستگرام، هەر لەم بارەوە کچە ئەستێرەی جیهانی سیلینا گۆمێز پلەی یەکەمی بەدەستهێنا لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەنستگرام. سیلینا بە پلەی یەکەم هات لەبەدواداچوونی هەواڵەکانی لەلایەن جەماوەریەوە دوای ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٦ زیاتر لە (١٠٣) ملیۆن کەس چاودێری کۆمێنت و هەواڵەکانیان کرد لەسەر تۆڕی ئەنستگرام، بەمەش سیلینا بە پێش تایلۆر سویفت کەوت کە هەڵگری نازناوەکە بوو لە ساڵی ٢٠١٥ و ئەم ساڵیش تەنیا ٩٣,٦ ملیۆن کەس چاودێری هەواڵ و چالاکی و ڤیدیۆکانی کردبوو. لە ئەمساڵدا سیلینا زۆرترین لایکی کۆ کردبۆوەو هەشت وێنە لە دە وێنە یەکەمەکان بوون، هەروەها ٧ لە تۆمارە وێنەییەکانی زۆرترین بینەریان هەبوو لەئەنستگرام، هەرچەندە بەهۆی تووشبوون بە نەخۆشییەکی تووشی خەمۆکی ببوو لەماوەی رابردوودا لەئەنستگرام دوورکەوتبۆوە، چونکە خەریکە وەرگرتنی چارەسەر بوو، بەڵام دواتر دەستی بە چالاکییەکانی کردەوە.





# تەڵاقێک نرخەکەی ٣٠٠ ملیۆن دۆلارە

هەواڵی جیابوونەوەی ئەنجلینا جۆلی و براد بێت هۆڵیۆدی هەژاندو بووە شۆکێك بۆ جەماوەری ئەو دوو ئەستێرە جیهانییەو باس و خواسی سەرجەم میدیاکانی جیهان، چونکە ئەو دووانەیە لە پێوەندییەکی خۆشەویستی و هاوسەرێتی زۆر بەهێزدا بوون و ژیانیان ئاسوودە و نموونەیی بوو بە جۆرێك زۆر لە ئەستێرەکانی دیکە ئیرەییان پێ دەبرد.

ئێستا خەریکە پەتاکە دەگاتە جۆرج کلۆنی و ئەمل عەلەمەدینی هاوسەری، هەرچەندە هەواڵەکە تا رادەیەکی زۆر مایەی سەرسوڕمانە، بەڵام ماڵپەڕی firstpost، هەواڵێکی لە گۆڤاری Magazine OK گواستۆتەوە گوایە کلۆنی و هاوسەرەکەی کە پارێزەرێکی بە رەچەڵەك لوبنانییە ماوەیەکە جیابوونەتەوە و ئێستا دەیانەوێ بگەنە رێکەوتنێك بۆ یەکلاکردنەوەی تەڵاقەکەیان کە نرخەکەی ٣٠٠ ملیۆن دۆلارە، لەبارەی هۆکارەکانی جیابوونەوەیان ماڵپەڕەکە ئەوەی خستۆتە روو کە کلۆنی و ئەمەل لە ژیانێکی زۆر ناخۆش و پڕ لە کێشەدا دەژین و لەسەر هیچ شتێك رێکناکەون بەتایبەتی ئەوەی پێوەندی بە ژیانی تایبەتییانەوە هەیە وەك منداڵبوون، چونکە سەرچاوەیەکی نزیك لێیانەوە ئاشکرای کرد کە ئەمەل هەوڵ دەدات منداڵی هەبێت بە هەر شێوەیەك بێت، بەڵام کلۆنی ئەم بابەتە رەت دەکاتەوە.

لەلایەکی دیکەوە هاوڕێیەکی نزیکی کلۆنی رایگەیاند کە کلۆنی بێزاربووە لەئارەزووە بەردەوامەکانی هاوسەرەکەی بۆ کڕینی خانووی زۆرو خەرجییە زیادەکانی، هەروەها سەرچاوەیەکی نزیك رایگەیاند کە ئەم دووانەی تا ماوەیەکی نزیك نموونەی دوو هاوسەری باش و تەبا بوون، ئێستا خەریکە جیادەبنەوەو چارەنووسی خۆیان دیاریکردووە، ئەویش جیابوونەوەیە.

دلبەر جزیری:

# هەمیشە حەزم لە کاری نوێ و جیاوازە

یەکێکە لەو کچە گۆرانیبێژانەی کە لەدەرەوەی وڵات دەستی بەکاری هونەری کردووەو سەرەڕای بچووکی تەمەنی توانیویەتی لەو کارانەی پێشکەشی کردوون، سەرکەوتن بەدەست بهێنێت. دلبەر جزیری بەسەرکەوتوویی توانیی فۆلکلۆر و نوێگەرایی لەکارەکانی تێکەڵ بکات، لەئێستاشدا بەنیازە کارێکی نوێ پێشکەش بکات کە وەک خۆی دەڵێت کارێکی جیایە، سەبارەت بەم بەرهەمەو چەند پرسێکی دیکە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ ساز کردو بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.





**• ماوەیەکە بێدەنگی، هۆکاری ئەو بێدەنگییە چییە؟**

- هۆکاری دوورکەوتنەکەم زیاتر بۆ ئەوەیە کە من بەبێ پاڵپشتی و هاوکاری کۆمپانیا هونەرییەکان کاردەکەم، واتە من بۆخۆم و لەسەر ئەرکی خۆم و بەسەربەستی لەسەر پرۆژەکانم کاردەکەم و بڕیاریان لەسەر دەدەم، هەروەها دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە لەکوردستانەوە زۆر هاوکاری من نەکراوە، تاکو بتوانم بە تەواوی کار لەسەر پرۆژەکانم بکەم، بەتایبەتی لە ئەورووپا، وەك هەموو لایەك دەزانن من ماوەیەك نەساغ بووم و دوای باشتر بوونی باری تەندروستیم توانیم دەست بە کاری هونەری بکەمەوە، لە هەمان کاتدا لە ئەکادیمیای فیدراڵ پۆلیسی ئەڵمانیا بووم، بەڵام ئێستا دەمەوێ زیاتر کاتی خۆم بۆ کارە هونەرییەکانم تەرخان بکەم.

**• بیستوومانە لەئێستادا سەرقاڵی بەرهەمێکی نوێی، دەکرێ بۆ خوێنەرانی باس بکەی؟**

- ئەم کارە هونەرییە نوێیەم لەگۆرانییەك پێکهاتووە کە میلۆدییەکەی خۆم دامناوەو لە تێکستی شاعیر عەلی بەهدارە، تێکستی گۆرانییەکە لە ڕاستیدا بۆ کوڕێك نووسراوە، بەڵام من ویستم بیڵێم، چونکە هیچ ئافرەتێکی هونەرمەند نەیگوتووەو من خۆیشم هەمیشە حەز لە کارێك دەکەم کە جیاواز بێت و دەمەوێ شتی نوێ بهێنمە نێو موزیکی کوردی بەتایبەتی لەبواری تێکستی گۆرانییە کوردییەکانەوە.ئەو تێکستە بۆ من زۆر گرنگ بوو، بۆیە میلۆدییەکەم بەشێوەیەك داناوە کە بە تەواوی لەگەڵ تێکستەکە بگونجێت، هەروەها لە بارەی کلیپ کردنی گۆرانییەکەش هەوڵمداوە شتێکی نوێ پێشکەش بکەم بۆیە جلوبەرگی تایبەتم بۆ ئەم گۆرانییە دیزاین کردووە لە وڵاتی لوبنان لەلایەن دیزاینەری ناسراو مەسعود کاردۆوە، هەروەها کلیپەکەش لە وڵاتی تورکیا تۆمار دەکەین.

**• کێ سپۆنسەری ئەم گۆرانییەی کردووە؟**

- سپۆنسەری سەرەکیی کارەکەم (تیکۆ ئیچ دی)یە، لێرەوە سوپاسی بێ پایانم بۆیان هەیە، چونکە چوار سپۆنسەر بڕیار وابوو سپۆنسەری ئەو کارە بکەن و ماوەیەکی زۆریش چاوەڕێم کردن، بەڵام دواتر بەهۆی شەڕی داسەپاوی داعشەوە سپۆنسەری کارەکەیان نەکرد، تا ئەو کاتەی دفیکۆ ئێچ دی بەم کارە هەستا.

**• هەندێك لە خانمە گۆرانیبێژەکان ڕوویان لەکاری ئەکتەری کردووە، تۆ وەك دلبەر بیرت لەمە نەکردۆتەوە؟**

- بێگومان هەر کەسێك ڕای تایبەتی خۆی هەیە لەو بوارە، ئەگەر کارێکی باشم پێشکەش بکرێت و بەدڵی من بێت، ئاساییە کە بەشداری تێدا بکەم.

**• تا ئێستا کەس داوای لێکردووی بۆ بەشداریکردن لەفیلم، یان درامایەکی کوردیدا؟**

- بێگومان زۆر لە دەرهێنەرە تورکەکان زۆر جار پرسیاری ئەوەیان لێکردووم کە بۆچی وەك ئەکتەر لەفیلمێکی تورکیدا بەشداری ناکەم؟ ئەوانەی کە ئەو داوایەشیان پێشکەشی من کردووە دەرهێنەری گەورەو ناسراو بوون لەتورکیا، هەروەها ئەکتەری ناسراویش بوون لەو وڵاتە، ئێستاش داوادەکەن و چاوەڕوانی وەڵامی منن، بەڵام من هیچ وەڵامێکم نەداونەتەوە.

**• ئێستا بارودۆخی هەموو پارچەکانی کوردستان تایبەت و ناسکە لەهەموو ڕوویەکەوە، تۆ وەك کچە هونەرمەندێك چ پەیامێکت بۆ کوردانی هەموو پارچەکان هەیە؟**

- هەر کاتێك کورد وەکو ئێستا دەست بخەنە نێو دەستی یەکتر من زۆر خۆشحاڵ دەبم و هەست بە سەربەرزییەکی زۆر دەکەم، ڕوون و ئاشکرایە هەر کاتێك یەکگرتوو بن و پشت و پەنای یەك بن ئەو کاتە کوردستان وەك قەڵایەکی پۆڵایین دەبێت و هیچ کاتێك ناکەوێت و دوژمنان ناتوانن ڕیزەکانمان لاواز بکەن و بە ئاواتی خۆیان ناگەن، پێویستە تاکی کورد خۆی بە کوردستانی بزانێت و ئینتیما و خۆشەویستیی بۆ کوردستان بێت و کوردستان بە ئێمەوە سەربەرز و ئاڵاکەی گەشاوە دەبێت، پێویستە ئێمە ئەو کەسانە لەیاد نەکەین کە گیانی خۆیان کردۆتەوە قوربانی ئەو خاکە پیرۆزە و هیچ کات لەیادیان نەکەین، ڕێز و حورمەتم بۆ خانەوادەی ئەم قارەمانانە هەیە، هیوادارم لەدوای کۆتاییهاتنی ئەو شەڕە نەگریسەوە ڕیزەکانی گەلی کورد پتەوتر و قایمتر بێت و هەموومان لەپێناو کوردستان و ئاوەدانکردنەوەی کوردستان خەبات بکەین.

*** لە دوای تەواوبوونی کارەکانی بەرهەمە نوێیەکەت بەنیاز نیت سەردانی کوردستان بکەی؟**

- بێگومان لەناخی دڵەوە حەز دەکەم سەردانی کوردستان بکەم لەساڵی داهاتوودا، لە بەرنامەمدایە ئەگەر هیچ شتێکی نەخوازراو ڕوونەدات، سەردانی کوردستان دەکەم.